# ئاخۆ لەنیسانی داهاتوودا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی کتێبەوە ئاهەنگ دەگێڕین؟

**شێرزاد سەعید محەمەد**

لەم سالانەی دوایدا بەشدارییەکانمان زۆر زیادی کردووە لە بۆنەو ڕۆژو ئاهەنگە جیهانییەکاندا، کەلەوانەیە زۆرمان شارەزایمان لەسەر ئەو ڕۆژو بۆنەو ئاهەنگە جیهانیانەش نەبێت، بەڵام تەنها وەك كارێكی لاسایی كردنەوەو چاولێكەری نەتەوەكانی تر بەشداری دەكەین، لەو ڕۆژو ئاهەنگانەش وەك ڕۆژی دایك، ڕۆژی مۆسقا، ڕۆژی شانۆ، ڕۆژی خۆشەویستی، ڕۆژی درۆ، ڕۆژی....هتد.

هەرچەندە ڕۆژێك لەو ڕۆژانە پیرۆزن جێگای بایەخی كۆمەڵگاو چین‌و توێژێكن، بەڵام زۆر ڕۆژو بۆنەو یادكردنەوە هەیە كە هەموو مرۆڤایەتی قەرزارییەتی، بەڵام بەداخەوە وەك پێویست یادی ناكرێتەوە.

لەوانەش ( ڕۆژی جیهانی كتێب )ە. كە بەشێكی زۆری ئەندامانی كۆمەڵگاكەمان بەڕۆشنبیرانیشەوە نازانن ئەو ڕۆژە دەكەوێتە چ بەروارێكەوە.

ڕۆژی ٤/٢٣ ڕۆژی ڕێزلێنانی كەڵە ئەدیب‌و نووسەرانی جیهانییە، ئەو ڕۆژە هێمایە بۆ ئاهەنگ گێڕان بەئەدەبی جیهانیەوە، لەو ڕۆژەداو لە ساڵی (١٦١٦) ڕۆژی كۆچی دوایی هەریەك لە نووسەران (سیرفنتس شكبیرو ئینكا جارسیلاسۆدیی)ە ، هەروەها ڕۆژی لەدایك بوون‌و كۆچی دوایی زۆرێك لە نووسەرانی تری وەك (مۆریس دراون، لاكسنس، ڤلادمێر ناباكۆڤ، جۆزێف بیلاو مانوێل میگیاڤالیگۆی)ە .

وەك ڕێز لێنانێك بۆ ئەو كەڵە نووسەرو ئەدیبانەو ڕێزلێنانی كتێب، (ڕێكخراوی یونسكۆ) لە كۆبوونەوەی خۆیدا لە شاری پاریس لەساڵی(١٩٩٦) بڕیاریدا ئەو ڕۆژە بكرێت بە ڕۆژی (جیهانی كتێب).

ئەمەش زیاتر بۆ هاندانی گەنجان بوو بۆ زیاتر خۆشەویستی كتێب‌و دروست كردنی حەزوو ئارەزووی خوێندنەوە لەلای گەنجان، ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازی نووسەرانی پێش خۆیان كە بەشداری ڕاستەقینە بوون لەبەرەو پێشچوونی شارستانییەتی‌و ڕۆشنبیریی كۆمەڵگا بەگشتی .

لەكاتێكدا كە جیهان لەو ڕۆژەدا ئاهەنگ دەگێڕێت، بەجۆرەها شێواز وەك ڕێزلێنانی كەڵە ئەدیبان‌و نووسەران، هەروەها سازدانی خول‌و كۆبوونەوەو كۆنفرانس وكردنەوەی چەندەها پێشانگای نێودەوڵەتی كتێب‌و بڵاوكراوەكانی تری ڕۆشنبیری‌و فێركردن. بەڵام بەداخەوە لەكوردستان گرنگیەكی ئەو تۆ نادرێت بەو ڕۆژە. ئایا ئەمە كێ لێی بەرپرسیارە؟ لەوەڵامدا دەڵێم هەموو لێی بەرپرسیارین: (حكومەت – وەزارەتی پەروەردە، ڕۆشنبیریی، خوێندنی باڵا، ڕاگەیاندنەكان بەگشتی، ڕێكخراوەكانی تایبەت بەكتێبخانەو زانیارییەكان) كە بۆجارێكیش لەیەكێك لە كەناڵەكانەوە گوێمان لێ نەبوو، نەمانبینی یادی ئەو ڕۆژە بەرز ڕاگیرێت‌و بابەتێك وتارێكی لەسەر بنووسرێت.

لەكاتێكدا كە كتێب‌و كتێبخانەو خوێندنەوە، هەریەك لەئێمەی گەیاندۆتە ئەو پلەو پایەو ئاستە ڕۆشنبرییانەی كە ئێستا هەمانە. كەواتە هەموومان قەرزاری كتێب‌و كتێبخانەین.

ئایا ئەو قەرزارببارییە بەو شێوەیە وەڵام دەدرێتەوە، كە تەنها نەتوانین بۆڕۆژێكیش ڕێز لەو یادە بگرین؟

كتێب‌و كتێبخانەو خوێندنەوە، شادەماری ژیان‌و بەردەوامی مرۆڤایەتی‌و شارستانیەتیەكەین، لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر، كەواتە ژیان‌و بەردەوامی لەسەر (زاناو زانست) بەندن، (زانست لەكتێبەوە فێردەبین‌و زانایش كەسی خوێنەرە) .

یەكێكیش لەو كێشانەی كە بەرۆكی كۆمەڵگای ئێمەی گرتۆتەوە، بەتایبەتی لە ناو گەنجاندا، نەخوێندنەوەیە، دیارە ئەمەش هۆكاری زۆرە، لەو هۆكارانەش :

١– جیهانگیرو بەكارهێنانی تەكنەلۆجیایە، كە گەنجی ئێمەی تەمەڵ كردووە دوور كەوتۆتەوە لە خوێندنەوە.

٢– هۆكارێكی تریش هۆكاری كۆمەڵایەتییەو ئەندامانی كۆمەڵگاش بەگەنجیشەوە سەرگەرمی دابین كردنی بژێوی ژیان‌و كاركردنن‌و كاتێكی گونجاو نییە بۆ خوێندنەوە.

٣– هەروەها هۆكارێكی تری نەخوێندنەوە دەگەڕێتەوە بۆ گرانی نرخی بڵاوكراوەكان‌و زۆر جاریش بڵاوكراوەكان لەئاستێكی لاواز دان‌و شایانی خوێندنەوە نین.

٤– هۆكارێكی تر، دەزگاكانی چاپ‌و بڵاوكردنەوەن، كە هەندێك لەو دەزگایانە هەندێ بابەت چاپ دەكەن كە بەهیچ شێوەیەك سوود بەكۆمەڵگاو كلتووری نەتەوەیمان ناگەیەنێت تەنها ئەوەندە نەبێت كە قازانجێكی ماددی لەپشتەوەیە.

٥– كەمی كتێبخانەو دووری لەشوێنی نیشتەجێ بوونی هاوڵاتیان، كە ئەمەش وادەكات خوێنەران بەئەستەم بگەنە كتێبخانەكان.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشێ ئایا بۆ ٤/٢٣ ساڵی داهاتوو چی بكەین، چۆن یادی ئەو ڕۆژە بكرێتەوە؟

پێویستە لەسەر وەزارەتی ڕۆشنبیریی، بەسەرجەم كتێبخانەكانی كوردستانەوە، بەهەموو جۆرو شێوازەكانیانەوە، وەزارەتی پەروەردەو سەرجەم خوێندنگاكان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو سەرجەم كتێبخانەی ناوەندی زانكۆو پەیمانگاكان‌و بەكتێبخانەی بەش‌و كۆلیجەكانەوە، دەزگاكانی چاپ‌و بڵاو كردنەوەكان، فرۆشگاكانی كتێب‌و بڵاوكراوەكان، سەرجەم كەناڵەكانی ڕاگەیاندن، ڕێكخراوەكانی تایبەت بە كتێبخانە لە كوردستان، خوێنكارانی بەشی زانیارییەكان‌و كتێبخانە لە هەردوو پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی‌و هەولێر. هەموو پێكەوە لیژنەیەكی باڵا دروست بكرێت بۆسەرپەرشتی كردن‌و یادكردنەوەی ئەو ڕۆژە. نزیكەی هەفتەیەك بخایەنێت ناوبنرێت بە(هەفتەی ڕۆشنبیریی زانیارییەكان‌و كتێبخانە). چالاكییەكانی سەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستان بگرێتەوە. لەو چالاكییانە پێشنیار دەكەم ئەم چالاكیانە ئەنجام بدرێ :

١– سازدانی پێشبركێیەك لەنێوان كتێبخانەكانی خوێندنگاكان‌و هەڵبژاردنی كتێبخانەی نموونەی‌و سەركەوتوو لەڕووی هونەری كتێبخانەو زانیارییەكان‌و، خەڵاتكردنیان.

٢–سازدانی سەردان بۆ خوێنكارانی سەرەتایی‌و ناوەندیەكان بۆ دەزگاكانی چاپ‌و بڵاوكردنەوەی كتێبخانەكان، بەمەبەستی ئاشنابوونی زیاتری خوێنكاران بەكتێب‌و چۆنیەتیی ئامادەكردنی‌و ئاشنابوون بە بەشەكانی كتێبخانەو چۆنییەتی بەكارهێنانی .

٣–خەڵاتكردنی ئەو خوێنەرانەی كە بە بەردەوامی سەردانی كتێبخانەكان دەكەن، ئەو خوێنەرەی لەماوەی ساڵێكدا زۆرتر سەردانی كتێبخانەی كردووە ڕێزی لێ بنرێت.

٤–كردنەوەی پێشانگای كتێب‌و بڵاوكراوەكان كە تێیدا سەرجەم دەزگاكانی چاپ‌و پەخشی كوردستان‌و ناوچەكانی جیهان بەشداربن، بەمەستی بەدەست گەیاندنی زۆرترین سەرچاوەو بەزۆرترین زمان لە هەموو بوارەكانی زانست، بە خوێنەرانی كۆمەڵگاكەمان.

٥–سازدانی كۆنفرانس لەبوارەكانی زانیارییەكان‌و كتێبخانە، كەتێیدا زۆرترین بابەتی هاوچەرخ لەو بوارەدا بخرێتەروو، بە بەشداری زۆرترین مامۆستاو پسپۆری ناوچەیی‌و جیهانی.

٦–سازدانی ڤیستیڤاڵێكی ساڵانە، تایبەت بە بواری زانیارییەكان‌و كتێبخانە، كە تێیدا خوێنكارانی بەشی زانیارییەكان‌و كتێبخانە چالاكییەكانی خۆیان لەبواری نووسین‌و ئیشی دەست‌و لێكۆڵینەوەو وتەی جوان، وەك ڕێزلێنانی كتێب‌و كتێبخانە بخەنە ڕوو، خوێندكاری سەركەوتوو بە بەرهەمەكانیان خەڵات بكرێن.

٧–ڕێزلێنانی ئەو مامۆستاو كادیرو فەرمانبەرانەی كە ساڵانێكی زۆر خزمەتیان بەكتێب‌و كتێبخانەكان كردووە، هەروەها ڕێزلێنانی كەسوكاری ئەو كادیرانەی كەخزمەتی كتێخانەیان كردووەو لە ژیاندا نەماون.

٨–دەركردنی بڵاوكراوەیەك تایبەت بەیادی ڕۆژی جیهانی كتێبخانە.

هیوادارم ئەو سەرنج‌و پێشنیارانە بەهەند وەربگیرێت لەلایەن حكومەتی هەرێمی كوردستان‌و هەر لە ئێستاوە كار بكەین بۆ ئەوەی ساڵی ئایندە گەورەترین یادو كەرنەڤاڵی كتێب‌و كتێبخانە بكەینەوە، لەبری یادی ڕۆژی درۆی جیهانی، یادی ڕۆژی كتێب‌و ڕێزلێنانی ئەدیب‌و نووسەران بكەینەوە .




# هەمووومان كتێبمان خۆشدەوێت

**و. دلێر میرزا**

كتێب مێژوو شارستانییمانە، هۆش‌و زانستمانە، پێشكەوتن‌و ژیانمانە، ئەگەر نەمێنێت، ئێمەیش بێ مێژوو بێ شارستانی، بێ هۆش‌و بێ زانست، بێ كارو بێ هیوا دەبین. كتێب بریتییە لە خۆراكی ڕۆشنبیرییمان‌و سەرچاوەی زانستیمانە، باشترین هاودەمی ڕێنماییكارو دۆستی دڵسۆزە. بۆیە، هەموومان كتێبمان خۆشدەوێت، بەڵام هەر شتێك بدرەوشێتەوە زێڕ نییە!! هێندە كتێب زۆرو بۆر بووە، هەر مەپرسە..چۆن دەتوانین كتێبی باش لە كتێبی خراپ جیا بكەینەوە؟ چۆن برادەرەكانمان هەڵبژێرین؟ چۆن بە باشترینیان دەگەین‌و ئەو زانیارییانە دەستەبەر دەكەین كە لەگەڵ ئامانجەكانماندا یەكدەگرنەوە؟

دەبێ لەم كارەدا دوو هەنگاو بنێین كە هاوكاری یەكدین:

١– بەراورد لە نێوان ئەو كتێبانەی خۆیان لەو بابەتە دەدەن كە ئێمە مەبەستمانە بیخوێنینەوە.

٢– هەڵبژاردنی باشترینی ئەو كتێبانەی، بۆ بابەتی دیاریكراو دەستنیشانی دەكەین.

با هەندێ باسی ئەو دوو هەنگاوە بكەین...

بەراورد لە نێوان ئەو كتێبانەدا كە خۆیان لەو بابەتە دەدەن كە ئێمە مەبەستمانە بیخوێنینەوە:

كاتێ لە نێوان ئەو كتێبانەدا بەراورد دەكەین، پێویستە ئاگاداری ئەم ڕاستییانە بین:

١– نووسەری پسپۆر لە بابەتەكەدا لە نووسەری ناپسپۆر بە توانستتر بێت.

٢– هەندێ لە خانەكانی پەخش ناوبانگیان لەوەدا هەیە، بایەخ بە بابەتێكی دیاریكراوی وەكو ئایین یان ئەدەب، یان بە ئاستێكی دیاریكراوی منداڵان یان گەنجان، یاخود بە بابەتێكی دیاریكراو بۆ ئاستێكی دیاریكراوی وەكو چیرۆكی منداڵان دەدەن.

٣– گەلێ جار بۆ یەكەم جار دەبینین كتێبێك بەرەوادێكی نوێی مافی لەچاپدان یان بڵاوكردنەوەو پەخشی پێوەیە، ئەوە ئاماژەیە بۆ نوێبوونی بابەتەكەی‌و بەها زانستییەكەی، بەتایبەتی لە زانستەپەتی‌و پراكتیكییەكانداو، ئەوە دەگەیەنێت پشت بە ئەزموون دەبەستێت، وەكو پەروەردەو دەروونناسی، هەروەها كتێبە بنەڕەتییەكان كە سەرلەنوێ لەچاپ دەدرێنەوە، پەراوێز یان لێكۆڵینەوە یاخود توێژینەوەی نوێیان لەگەڵدا دەبێت.

٤– ڕەنگە هەندێ لەو كتێبانەی چەند ساڵێك لەمەوبەر چاپكراون، لە زانینی مێژووی ئەو بابەتانەی خۆیانی لێدەدەن بەكەڵكمان بێن.

٥– زانیاری پەیداكردن لە سەر پێشەكیی كتێبێك‌و لیستی ناوەرۆك‌و پەڕەكانی، بیرۆكەیەك بەدەستەوە دەدات لەسەر ڕادەی بەرودووبوون‌و ڕوومالی بابەتەكەو ئەو توخمانە ڕووندەكاتەوە كە بایەخیان پێدەدات‌و لەسەریان چڕ دەبێتەوەو شرۆڤەیان دەكات، هەروەها ڕادەی تێروتەسەلیی بابەتەكەی‌و شێوازی خستنەڕووەكەی‌و هاوڕەوتبوونی بۆ پەرەسەندنە زانستییەكان ڕووندەكاتەوە.

٦– خوێندنەوەی بەشێك لە دەقی كتێبەكە، بەڵگەیە بۆ ڕادەی ڕەوانیی شێوازەكەی‌و گونجاویی زاراوەكان‌و ڕستەكان‌و دەستەواژەكانی.

٧– بڕیاردان لە سەر خوێندنەوەكان لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دی، بەپێی ئاستی ڕۆشنبیری‌و هزری‌و قۆناغی گەشەكردنی‌و ئارەزووەكانی دەگۆڕێت. بۆیە، ئەگەر كەسێك برادەرێكی خۆی ئاگادار كردەوە، لەوەی كتێبی نووسەرێكی بینی، یان یەكێك لە كتێبەكانی بینی ئاستی یان شێوازەكەی بەرز بێت، پێویستە لە سەری بۆ خۆی خوێندنەوەكەی تاقیبكاتەوە، ڕەنگە ئەم خوێندنەوانە لەگەڵ ئەودا یەكبگرنەوەو لەگەڵ ئارەزووەكانیدا گونجاوبن، لە كاتێكدا لەگەڵ برادەرەكەیدا یەكنەگرنەوەو، ڕەنگە ئێستا بۆ ئەو قورس بێت، كەچی ڕەنگە لە داهاتوودا بگونجێت، ئەوسا ئاسان دەبێت بۆی.

٨– تەندروستی‌و ئاسانیی ئامرازەكانی ڕوونكردنەوەو دابەشكردنیان لە شوێنە گونجاوەكانیاندا، بۆ دەرخستن‌و بەرجەستەكردنی بیرۆكەی بابەتەكەو گەشەپێدانی چێژ وەرگرتنی هونەریی یارمەتیدەر دەبن.

٩– دیزاین‌و ڕواڵەت‌و جوانی قەوارەو جۆری لاپەڕەكانی‌و شێوازی چاپكردنەكەی كاریگەریی زۆریان لەسەر خوێندنەوەی كتێبەكە هەیە.

### هەڵبژاردنی باشترین چاپی ئەو كتێبەی دەستنیشانی دەكەین

پێویستە ڕەچاوی ئەو خاڵانەی سەرەوە بكەین، كاتێ باشترین چاپی ئەو كتێبانە دەستنیشان دەكەین كە چەندین چاپی هەبێت (با وادابنێین نوێترین چاپی بریتییە لە باشترینیان، ڕەنگە نووسەرەكەی دووبارە دایڕشتبێتەوە، یان شتی دیكەی خستبێتە سەری، یاخود وێنەو نەخشەی خستبێتە سەری...یان شتی دیكەی لەو جۆرە).

یەكێك لەو ئامرازانەی یارمەتیمان دەدەن بۆ هەڵبژاردنی ڕاستگۆیانەی ڕێنماییەكانی مامۆستاكان بریتییە لە وەئاگابوون لەسەر ڕاو بۆچوونی ڕەخنەگران بە خوێندنەوەی بوارەكانی زانست‌و ئەدەب‌و هونەر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەكان‌و سەردانی پێشانگای كتێب‌و كتێبخانەكان.

با ئێستا پێكەوە چێژ لە گەشتێكی خۆش وەربگرین:

ئا ئەوەتا فڕۆكەكەمان لە فڕۆكەخانەی ئەو شارە نزیك دەكەوێتەوە كە هەڵمانبژارد تا سەردانی بكەین‌و، دەتوانین بە ئاسمانەوە بەگشتیی چاوی پیادا بخشێنین...خانووەكانی وەكو شقارتە دەردەكەون‌و، ڕێگەكانی وەكو تاڵی دەزوو، ئۆتۆمبیلەكان وەكو یاریی منداڵان. با هەندێ لەو پرسیارانە تۆمار بكەین كە بەخەیاڵماندا دێن كە سرووشت‌و تایبەتمەندییەكانی شارەكە ڕەنگدانەوەی وەڵامەكانیان‌و شێوازەكانی زانینمان بۆ ڕوون دەكەنەوە... زیاتر نزیك كەوتینەوەو ڕووخساری شارەكە زیاتر بۆمان دەردەكەوت...دواتر فڕۆكەكە نیشتەوە، با بكەوینە خۆمان‌و خێرا بەناو شەقامەكانی شارەكەدا بگەڕێین، سەردانی شوێنەكانی بكەین‌و زانیاری لەسەر شوێنە بەناوبانگەكانی پەیدا بكەین‌و.... بەمجۆرە تا زیاتر بگەڕێین، وەڵامی زیاتری ئەو پرسیارانە دەدۆزینەوە كە بەخەیاڵماندا دێن‌و، زیاتر شارەزای شارەكە دەبین‌و، باشتر دەتوانین تایبەتمەندییەكانی دەستنیشان بكەین.

ئەم گەشتەمان لە خوێندنەوەی كتێب دەچێت....

با ئەو هەنگاوانەی پێشتر ئاماژەمان بۆكردن بكەین بە ڕێگەیەك: بە هەڵبژاردنی كتێبەكەو، بیرۆكەیەكی گشتگر لە سەر بابەتەكەی وەربگرین‌و، پرسیاری گونجاو ئامادە بكەین‌و، لەخوێندنەوەیەكی دیكەی ورددا، بایەخ بە وردەكارییەكانی بدەین، دواتر هەوڵی زانینی وەڵامی پرسیارەكانمان بدەین.

بە پراكتیزەكردنی ئەم شێوازە، هێزی تێبینی‌و تێگەشتنێك بۆ بابەتەكەو دەرككردنێك بۆ ڕاستییەكان‌و، ڕەخنەگرتنێكی ئەبستراكتی سەركەوتوو لە دوتوێی كتێبدا دەستەبەر دەكەین.

سەرچاوە:
كتێبی(المكتبات المعاصرة و المراجع العربیة/ محمد عبدالواحد ضبش، القاهرة، ٢٠٠٨)

# تەوەرە بنچینەییەکان لە پۆلێنی دیوی دەییدا

و. بەختیار قادر

### یەکەم: پۆلێن لە ژیانی رۆژانەماندا

ژیانی ئێمە پڕە لە نموونەکانی پیادەکردنی پۆلێن، بەبێ ئەوەی پێیان بزانین، ئەوەتا ئێمە لە ماڵەکانماندا ژووری میوان دیاری دەکەین، هەروەها ژووری نانخواردنو چێشتلێنانو نووستن، دەرمانسازیش دەرمانخانەکەی رێکدەخاتو جێگای تایبەت بۆ هەر جۆرە دەرمانە دەستنیشان دەکاتو لەگەڵ هەر داواکارییەکدا بەزوویی دەیاندۆزێتەوە، ئەمانە بۆ دوکانی میوەفرۆشیش هەر وایەو هەر میوەیەو لە شوێنی خۆیدا دادەنێت، سێوی سوورو زەردو سەوز بەجیاو چەشنەکانی پرتەقاڵیش هەر یەکەیان بەجیا.

بەهەمان شێوە، کتێبخانەش پێویستی بەرێکخستنی سەرچاوەکانی زانیارییە تیایدا، بەرێکخستنی ئەوتۆ کە خوێنەر بەئاسانیو خێرایی هەرچییەکی بوێت بیاندۆزێتەوە، ئەگەر کتێبخانە بەپێی پلانی رێکخستنی دیاریکراو رێکنەخرێت، ئەوا خوێنەر سەری لێتێکدەچێتو نازانێ کتێبی مەبەست چۆن چۆنی بدۆزێتەوە، یان زۆر بەزەحمەت بۆی دەدۆزرێتەوە.



### دووەم: پێناسەی پۆلێن

پۆلێن لە کتێبخانەدا بریتییە لە رێکخستنی سەرچاوەکانو ریزبەندیی کردنیان بەشێوەیەك کە ئەو سەرچاوانەی بابەتەکانیان لەیەکتر دەچن لەیەك جێگادا بن، هەروەها جیاکردنەوەی سەرجەم سەرچاوەکان بەپێی جیاوازییان لەبەر تیشکی بنەماو سیستمی دیاریکراو.

پۆلێن بریتییە لە کۆکردنەوەو رێکخستنی کەرەستە لەیەکچووەکان لە بەشی دیاریکراودا بەگوێرەی خەسڵەتی لەیەکچوویان، هەروەها پۆلێنی کتێب، هاوکات جیاکردنەوەیە لەیەکتر بەپێی بابەتەکانیان، ئەویش لەژێر رۆشنایی رێبازی دیاریکراوی پۆلێن کەوا کتێبەکان لەسەر رەفەی کتێبخانە دادەنرێنو بەوەش ئاسانکاریی ئەنجامدەدرێت بۆ دۆزینەوەی کتێبی دیاریکراوو زانینی شوێنەکانیان بەخێراییو کەمترین کۆشش.

واتە، پۆلێن کۆکردنەوەی لەیەکچووەکانە بە پێی مەرجەکانی لەیەکترچوونیان، هەروەها جیاکردنەوەی لەیەکنەچووەکانە بەپێی لەیەکترنەچوونو نەگونجانیان.

پۆلێن گرنگترین پرۆسەی هونەرییە کە لەگەڵ کتێبدا ئەنجام دەدرێت، هەر لەگەڵ گەیشتنی بە کتێبخانە، لەگەڵ ئەم کارەدا، پرۆسەی گرنگی تریش ئەنجام دەدرێت کە پەیوەستن پێوەیو تەواوکەرین بۆ ئامادەکردنی کتێب بۆ بەردەستی خوێنەر، وەکو پێڕستو لێوارنووسین (التكعيب)و...تاد.

کاتێ مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێ کتێب بێت لە کتێبخانە تایبەتەکەیدا، هەر کتێبە لەلای ناسراوەو بەئاسانی دەیدۆزێتەوە، بەڵام کاتێ ژمارەی کتێبەکانی روو لەزیاد بوون دەبن، هەر کتێبێکی بوێت بەزەحمەت دەیدۆزێتەوە، هەرچۆن گەڕان بەناو ئەو هەموو کتێبەدا کە لەکتێبخانەکە رێکنەخرابن کاتی زۆری دەوێت، هەربۆیە رێکخستنی سەرچاوەکانی کتێبخانە بەهەر رێگایەك بێت کارئاسانی دەڕەخسێنێ بۆ باش بەکارهێنانیو دۆزینەوەی هەر سەرچاوەیەك خاوەن مەبەست بیەوێت، ئەوانە سەرەتاو هۆکاربوون لە پەیدابوونی بیرۆکەی پۆلێنو بیرکردنەوە لە دانای سیستمی جۆراوجۆری پۆلێن کردن.

### سێیەم: سوودەکانی پۆلێن

پۆلێن سوودی گەورەی هەیە بۆ هەریەك لە خوێنەرو پسپۆڕی کتێبخانە، بۆ خوێنەر دەبێتە ئاسانکاریی لە دۆزینەوەی هەر کتێبێکدا کە بیەوێت، ئەمە بێجگە لەوەی سەرجەم ئەو کتێبانەش دەبینێت کەوا لە مەبەستەکەیدا ئیشی پێیان دەبێت.

بەڵام بۆ پسپۆڕی کتێبخانە، پرۆسەی پۆلێن زەمینەی بۆ دەڕەخسێنێ کەوا خزمەتی خوێنەران بکات بە وەڵامدانەوەی داخوازییان لە کەمترین ماوەدا، بێئەوەی بە هیچ جۆرێك کاتیان بەفیڕۆ بدات.

هەر چۆن لەرێی پۆلێنی کتێبەکانەوە پەی بە لاوازیو کەموکورتیی لە سەرچاوەکانی کتێبخانەکەیدا دەباتو دەتوانێ وەك پێویست ئەو کەموکورتییانە نەهێڵێتو کتێبی نوێ لە بابەتی جۆراوجۆردا بگاتە کتێبخانەکە.

ئێمە، دووبارە ئادەمیزاد بەسەر سپیو سوورو رەشدا دابەشدەکەین، چونکە ئەوە ئارەزووەو دەمانەوێ پۆلێنی هەموو شتێك بکەین لەبەر:

١-بەئەنجام گەیاندنی کاروباری رۆژانەمان بەبێ مێشك گوشینو بەئاسانی، هاوکات کۆششو کاتمان بۆ دەگەڕێتەوە..

٢-پۆلێن تاك رادێنێ لەسەر بیرکردنەوەی لۆژیکییانەو هەڵسوکەوتی رێكوپێك، بەوەش لە زۆر گرفتی رۆژانە، کەشپرزەیی بیرکردنەوە درووست دەکەن، رزگارمان دەبێتو چیمان بوێت ئەنجامی دەدەین.

تێگەیشتن لەسیستمی پۆلێنی بەکارهێنراو لە کتێبخانەدا کارێکی یەکجار پێویستە بۆ سەرجەم کارمەندانی کتێبخانە، تا بتوانن کتێبەکان بگەێننە شوێنی خۆیانو بەئاسانیش بگەڕێنەوە سەریان.

کاری پۆلێن کردن بەپلەی یەکەم پشتدەبەستێ بە تایبەتمەندییەکی سەرەکیی لە سەرچاوەکانی زانیاریدا کە ئەویش (بابەت)ی سەرچاوەکانە، لەگەڵ جۆری ئەو سەرچاوەیە، ئیتر کتێبی چاپکراو بێت یان نەواری ڤیدیۆ، یاخود C.Dی کۆمپیوتەر، یان فیلمی بەڵگەنامەیی؛ هەربۆیە پۆلێن پێناسە کراوە بە "دابەشکردنی لۆژیکیانەی زانیاریی مرۆیی، لە گشتییەوە بۆ تایبەتیو بۆ ئەوپەڕی تایبەتمەند، تا دەگات بە بچووکترین بەشی ئەو زانیارییە مرۆییە".

لەم دابەشکردنەوە درەختێك بۆ هەر جۆرە زانیارییە دێتە بەرهەم کەوا قەدولقو چڵو گەڵای هەیە.

ئا لەم روانگەیەوە، چەندین پۆلێنی جیهانیی هاتووەتە ئارا، وەکو: پۆلێنی دیویی دەیی جیهانی، پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێسو پۆلێنەکانی هەریەك لە بلیسو براونو رانجاناتانو ئەوانی تر.

پۆلێنە بیبلیۆگرافیاییەکان هەر هەموویان لە کۆمەڵێ خەسڵەتو سیمای گشتیدا چوونیەکن، بەڵام لە درێژەو بەشەکاندا لەیەکتر جودا دەبنەوە، بەڵام خەسڵەتە گشتییە هاوبەشەکانیان دەبێ بەپێی دابەشکردنی لۆژیکیانەی زانیارییە مرۆییەکان بێت.

پێویستە فەلسەفە، یان لۆژیك لەپشت پرۆسەی دابەشکردنەوە هەبێتو لەو بنچینەیەوە بەشەکان بەسەر لقو پۆلەکاندا دابەش بکرێن، ئەویش لە دابەزینی پلەبەپلەدا لە گەورەترینەوە بۆ گەورەو بۆ بچووکترین.

ئەم کارە لۆژیکییە وادەکات پۆلێن بە دووربێ لە کاری سەرپێییانەو بێسەروبەریو کاریگەریشی لەسەر پاراستنی پەیوەندیی سروشتیی نێوان بەشەکانی زانیاریی مرۆیی دەبێت، بەواتایەکی تر بابەتی دایك لەگەڵ منداڵو منداڵی منداڵەکانیو هەموو کەسوکاری دەردەکەوێت، لەشێوەیەکی دابەزینی هەرەمییانەدا، ئەم دابەشکردنە لە پۆلێنێ بۆ جۆرێکی تر جیاوازەو بەپێی ئەو گۆشەنیگایانە ئەنجام دەدرێت کە پۆلێن لێییانەوە دەڕوانێتە زانیاریی مرۆیی، هەروەها لە دیوێکی ئەوتۆوە کە لەئەنجامی روانینەکانەوە لێکدەدرێنەوەو دەبنە بناغەی پرۆسەی دابەشکردنەکە.

### چوارەم: ملفیل دیویو رۆڵی لە دانانی سیستمی پۆلێنی کتێبدا

ملفیل دیوی، بە بەناوبانگترین زانای بواری کتێبخانەکان دادەنرێت، لە١٠ی دیسەمبەری ساڵی ١٨٥١ لە شاری (ئادمز)ی نیویۆرك لەدایك بووەو رۆژی ٢٦ی دیسەمبەری ١٩٣١ کۆچی دوایی کردوە.

ملفیل دیوی ساڵی١٨٧٧ کۆلێژی (ئەمهرست)ی لە ویلایەتی ماساتشوست تەواو کردوە، هەر لەوێ بەیاریدەدەری ئەمینداری کتێبخانەکەی دامەزراوە، ساڵی١٨٧٧ گوێزراوەتەوە بۆ شاری (بۆستن)و لەوێ گۆڤارێکی بۆ کتێبخانەکان دەرکردوە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی کتێبخانەکانی ئەمریکاو دامەزرێنەری یەکەمین بەشی کتێبخانەکان بووە لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرك، لەرێی وانە وتنەوەو نووسینو موحازەرەکانییەوە لەو ماوانەدا توانیویە پیشەی کتێبخانەکان بەرەو پێشەوە ببات.

(دیوی) چاپی یەکەمی پۆلێنەکەی کە بۆ کتێبخانەی کۆلێژی ئەمهرستی ئامادەکردبوو، ساڵی ١٨٧٦ بڵاویکردەوەو بریتی بوو لە ١٠٠٠ بەشی بە ژمارەکراو لە (...) تا (٩٩٩)، لەگەڵ پێڕستێکی رێژەییو پێشەکییەك لە ٤٤ لاپەڕەدا. بەوپەڕی ماندوونەناسیو دڵسۆزییەوە کاری کردوە بۆ دامەزراندنی پلانێکی سەرکەوتوو بەمەبەستی پۆلێن کردن لە کتێبخانەکاندا. ئەوەش لەو بیرکردنەوەیەوە سەرچاوەی گرتووە کەوا کتێبخانەکان پێویستیی زۆریان هەبووە بەپلانێك کە گونجاو بێ بۆ ریزبەندیی کتێبەکانیان، کاتێکیش گرفتو کۆسپ هاتوونە رێی ریزبەندیی کۆمەڵە کتێبەکان، چاوی بڕیوەتە داهێنانی پلانی تەواو بۆ پۆلێن کردنو لەو پێناوەشدا بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی هەوڵێکی زۆری داوە.

بۆ کارەکەی، لە دابەشکردنی زانیاریی لای هەریەك لە ئیفلاتونو ئەرستۆو بیکۆنو دیکارت کۆڵیوەتەوە، تا گەیشتووەتە دابەشکردنی زانیاریی بەشێوەیەکی لۆژیکییانەو ئەو سیستمەی داهێناوە کە بووەتە ناسراوترینو کۆنترین سیستمی پۆلێنو تائەمڕۆش لە کتێبخانەکاندا کاری لەسەر دەکرێت.

لەگەڵ گەشەو فراوانبوونی زانیاریی مرۆییدا ئەو پۆلێنەش گەشەی بەسەردا هاتووەو چاپی دووەمی لە ساڵی ١٨٨٥ لە نزیکەی سێ سەد لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە، بەر لە دەرچوونی چاپی دوانزەیەمی لە ساڵی ١٩٣٢دا (ملفیل) ماڵئاوایی لەژیان کردوە، ئەو چاپە بریتی بووە لە ١٦٥٠ لاپەڕە، چاپی بیستەمیشی ساڵی ١٩٨٩ لە چوار بەرگداو لە سێ هەزارو سێسەدو هەشتاو هەشت لاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە.

بەردەوامیی ئەم پۆلێنە لە ماوەی سەدەیەكو چارەکە سەدەیەکداو دەرچوونی چاپە نوێیەکانی لە هەر شەش ساڵ جارێکدا بایەخی پۆلێنەکە دەسەلمێنێ، ئەمە وێڕای پێویستیی زۆری کتێبخانەکان پێی، ئەو بەردەوامییە بەهۆی هۆکاری ناوەکیی خودی سیستمەکەو هۆکاریی دەرەکیی سیستمەکەوە بووە، ئەو هۆکارانە بە تەنیا نەبوونەتە مایەی بڵاوبوونەوەی سیستمەکە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵکو بووشن بە مایەی وەرگێڕانو راستکردنەوەی لەکۆمەڵێ زماندا، بەڵام بەشێکی کەم لەو وەرگێڕانو راستکردنەوانە فەرمینو دوای مۆڵەت وەرگرتن لە کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی (فۆرست برس)و شارەزاکانیان کاریان لەسەر کراوە، لە وەرگێڕانە تەواوەکان ئاماژە بەهەریەك لە وەرگێڕانی فەڕەنسیو ئەوەی تری ئیسپانیو یەکێك لە وەرگێڕانە عەرەبییەکان دەکەین کە لەلایەن رێکخراوی یۆنسکۆ (پەروەردەو رۆشنبیریو زانست)ەوە بڵاوکراوەتەوە.

لەتازەترین چاپی سیستمی دیویدا گەلێ راستکردنەوە هەن ئەوەش گونجاوتری کردوە لە چاپەکانی پێش خۆی، هەرچۆن بنەمای زانیاریی ئەم سیستمە فراوان بووەو بەشەکانی ناوی فراوان بوونو بەشی دیکەش چوونەتە ناویانەوە، هاوکات زاراوەکانیو پێناسەی بەشەکانی نوێکردنەوەیان بەسەرداهێنراوەو بەوەش بەهادارتربووەو بەکارهێنانی نێودەوڵەتیی زیادی کردوە.

لەگۆڕانکارییە پەیکەرینەکانی، چاکسازیی لەناونیشانەکانداو فراوانکردنی رێبەرە رێژەییەکەین.

کە بەپۆلێنی دیوی دەوترێت (سیستمی دەیی) واتە ریزبەندیی زانیاریی بەپێی ناوەرۆکی کتێبەکان بە (١٠) دابەشکردنی بابەتی فراوان لە (٠) تا (٩)، هەروەها بابەتەکان لە (١٠٠) بۆ (٩٠٠) کە سەرجەم کۆمەڵەکان بەپێی بابەتەکانیان لە زانیاریی مرۆییدا دەگرنەخۆ، هەر بەشەش دابەشدەبنەوە بەسەر (١٠) بەشی تترداو ئەوانیش بەسەر (١٠)ی تترداو بەوشێوەیە.

دابەشکردنەکە دەییە، نەوەك بەدوای یەکدا، ریزبەندییەکە بۆ نموونە بەم جۆرەیە:

٣٣٣
٣٣٣,٠٠١
٣٣٣,٠١
٣٣٣,١
٣٣٣,١٣
٣٣٣,٢

لەسیستمەکەدا بەتەنیا ژمارە بەکاردێت، ئەوەش نموونەیە بۆ بەهێماکردنی تەواو، تیایدا بەئاسانی ژمارە زیاد دەکرێن بۆ سەر ژمارەی بەشەکان، ئەویش بۆ بەژمارەکردنی بابەتە زۆر تایبەتمەندەکان، بەڵام زۆرجار ئەم کردەیە وا لە پۆلێنکار دەکات لقەکان زیاتر بکاتو بەوەش ژمارە یەکجار زۆر دەبنو بەئاسانی بەکار ناهێنرێن، هەربۆیە زۆر لە کتێبخانە گەورەکان چوونەتە سەر سیستمی دیکەی فراوانی وەك پۆلێنی کتێبخانەی کۆنگرێس.

زانیارییەکان، بەپێی ئەم سیستمە بەسەر ئەم بەشە سەرەکییانەدا دابەشکراون:



(سفر) زانیاریی گشتی
(١) فەلسەفە
(٢) ئایینەکان
(٣) زانیارییە کۆمەڵایەتییەکان
(٤) زمانەکان
(٥) زانستە تیۆرییەکان
(٦) زانستە پراکتییکییەکان
(٧) هونەرەکان
(٨) ئەدەبیات
(٩)جوگرافیاو ژیننامەو مێژوو

لەدابەشکردندا، بەشێوەی خشتە ئەو بەشانە دیاری دەکرێن کە بەکارهێنانیان بەربڵاوەو لە بابەتی جیاوازیشدان، تیایاندا ئەو ژمارانە بەکاردێن کە بیرکەوتنەوەیان ئاسانە، بەڵام رێبەری رێژەیی پەیوەندیی نێوان هەر بابەتێکی نێو رێبەرو بابەتی گشتیی (یان بەش) دیاری دەکات، یان بابەتەکە لەدوای وشەی دەروازەوە نیشاندەدات، ئەم سیستمە لە زۆربەی کتێبخانەی خوێندنگاکانو گشتییەکانداو کتێبخانەی تریشدا بەکاردێت.

### پێنجەم: سیستمی پۆلێنی دیویو بەکارهێنانی لە ئاستی جیهاندا

سیستمی پۆلێنی دەیی (ملفیل دیوی) بەفراوانترین سیستمی پۆلێنی کتێبخانەکان دادەنرێت لە جیهاندا، زیاتر لە ١٣٥ وڵاتدا بەکاردەهێنرێتو بۆ ٣٠زمان زیاتریش وەرگێڕراوە، وەرگێڕاراوە نوێیەکان بۆ هەر یەك لە زمانەکانی (عەرەبیو چینیو فەڕەنسیو یۆنانیو ئیتالیو ئەڵمانیو فارسیو روسیو ئیسپانیو تورکی) یان تیادایە.

لەوڵاتە یەکگرتووەکان ٩٥٪ی کتێبخانەی خوێندنگاکانو گشتییەکان بەکاریدەهێنن، هەروەها ٢٥٪ی کتێبخانەی کۆلێژو زانکۆکانو ٢٠٪ی کتێبخانە تایبەتمەندەکان سیستمی پۆلێنی دیویی دەیی بەکاردەهێنن.

سەرچاوە:

فهيم مصطفى، تصنيف الكتب في المكتبات المدرسية والمكتبات العامة، القاهرة، دارالفكر العربي، ٢٠٠٩.

# خوێندنەوەی ئازاد لای منداڵ

ئا. گولستان سەعید محەمەد

هەندێ لە زانایانی تایبەت بەم بوارە وای دادەنێن خوێندنەوە تەنها بەپێناسێکی ئاسان تەواو نابێت، چونکە قۆناغەکانی خوێندنەوە ئاڵۆزو بەیەکدا چووە، هەنگاوەکانی گەشەکردنی بەدوای یەکدا دێن. بۆیە چەند پێناسێکی جیاواز هەیە، لەژێر ناونیشانی جیاوازدا پۆلێن کراون، وەك:–

– خوێندنەوە پرۆسەیەکە بۆ ناسینی سیمبولە نوسراوو چاپکراوەکان، لەپێناو نزیك بوونەوە لەماناو پێکهاتەکانیان، لەرێی بەکارهێنانی ئەو چەمکانەی کە لەلای خوێنەر کەڵەکە بووە. رێکخستنی ئەو ماناو واتایانەی بەمەبەستێکی دیاریکراوو روون فەرمان دەدات بۆ خوێنەر.

بەکورتی، خوێندنەوە بریتیە لەگەیشتن بەو ماناو واتایانەی کە نووسەر مەبەستێتیو راڤەکردنی ئەو واتایانە لای خوێنەرە(جای بوند–١٩٨٤).

– خوێندنەوە جۆرێکە لەکارلێکردنی مانای گونجاو بۆ ئەو سیمبولانەی کە لەزار دێنە دەرەوەو چاپکراوبن، یان نوسراو، واتە پرۆسەیەکە بەهۆیەوە سیمبولە نووسراوەکان ئەگۆڕبن بۆ سیمبولی زارەکی، بەپێی شارەزایی خوێنەر لەپرۆسەی خوێندنەوەدا کا ریگەریی فسیۆلۆجیو ژیری بەشداری تیادا دەکات، کار لەیەکتر دەکەنو تەواوکەری یەکترین.

**کاتێ خوێنەر دەخوێنێتەوە**

١– شارەزایی لەسیمبولە نووسراوەکان پەیدا دەکات، لەڕووی بینینو بیستنو وتنەوەیان جیاوازی لەنێوانیاندا دەکات، بەدەربڕینێکی دروست.

٢– لەناو دەقەکاندا بیری نوێ ئاشکرا دەبێتو پوختەیان دەکاتو ماناکانیان تێ دەگات.

٣– بەهۆی شیکردنەوەو رەخنەگرتنو هەڵسەنگاندن، بابەتەکان کارلێك لەگەڵ ئاستی خوێنەردا دەکات.

(مارلین بنکلی) ئاماژە بەوە دەکاتو دەڵێ:

پرۆسەی خوێندنەوە بنیاتنانی مانایە لەناو دەقی نووسراودا ولێزانینی تەواوی دەوێ بۆ رێکخستنی نێوان سەرچاوەکانی زانیاری کە پەیوەستن بەیەکەوە.

لاپ وفلود(LAP&FLOOD)روونی دەکەنەوەو دەڵێن: "خوێندنەوە پرۆسەی تێگەیشتنو راڤەکردنو هەڵسەنگاندنی بابەتە چاپکراوەکانە".

هەروەها(القوصی)دەڵێ"دووبارە بوونەوەی دەنگەکانەو بەخێرایی تێگەیشتنە لێیو چێژ وەرگرتنە لەبەجێهێنانی خوێندنەوەدا".

**پێناسەی خوێندنەوەی ئازاد**

– خوێندنەوەی ئازاد: بریتییە لەهەڵبژاردنی بابەتێك ئازادانە لەلایەن هەرکەسێکەوە بۆ بەسەربردنی کاتەکانی پشوو. مەبەست لێی ئەو کارەیە کە خوێندکاران بۆ بەسەربردنی کاتەکانی پشوو ئەیگرنەبەر، بابەتی پوخت هەڵ دەبژێرن، لەناو کتێبخانەی قوتابخانە یان لە دەرەوەدا، هاوکات خوێندنەوە بۆ مەبەستی فێربوونو بەدەستهێنانی زانستو زانیارییە، یان بۆ چێژ وەرگرتنو خۆشییە.

– خوێندنەوەی ئازاد: واتە گەیشتنی خوێنەرە بەو بابەتە گونجاوانەی کە لەگەڵ کەلەپوری مرۆڤایەتیدا دەگونجێ. پەیوەندییەکی ئارەزوومەندانەیە، دوورە لە کۆتو سەپاندن، بۆ بەسەربردنی کاتی رێکخراوە بۆ ئەم مەبەستە.

– خوێندنەوەی ئازاد"خوێندنەوەیە لەپێناو چێژو خۆشیدا"، کریس جینسن وتوویەتی:

– "ئەو خوێندنەوەیە کە منداڵ هەڵیدەبژێرێ دوور لەوانەکانی خوێندن لەکاتەکانی پشوودا، ئەوە خوێندنەوەی دەرەکییە".

– ئەلیزابێس روونی دەکاتەوەو دەڵێ"خوێندنەوەی ئازاد بریتییە لەچەند خولەکێکی دیاریکراو لە ئارامیو دڵنیایی کە قوتابی بەتەنها بەسەری دەبا بەپێی ویستی خۆی دەخوێنێتەوە لەپێناوی ئاسوودەییدا".

**ئارەزوومەندی خوێندنەوە**

گرنگترین بنەماکانی پێشکەوتنی منداڵ بریتیە لەئارەزوومەندیی بۆ خوێندنەوەی ئازاد لەپێناوی بەرز کردنەوەی زانینو هۆشیارییدا.

خوێندنەوەی ئازاد پێویستی زۆری بەدروستی باری تەندروستیو دەروونییە، خوێندنەوە دەبێتە چالاکییەکی مانادار لای منداڵ.

منداڵان ئارەزوو دەکەن پرۆسەکە دووبارە بکەنەوە، ئارەزوومەندیی خوێندنەوەی ئازاد هاندەرێکە بۆ منداڵ تا زیاتر بخوێنێتەوو تەنانەت هەوڵی خوێندنەوەی ئەو بابەتو کەرەستانە بدات کە لەپلەی باڵاترو قورستردایە.

بۆ دڵنیابوون لەسەرکەوتنو گەشەکردنی منداڵان پێویستە ئاگاداری ئاستی زانستو زانیاری منداڵ بین تاکو بزانین تا چەند پەرەیان سەندووەو گەیشتوونەتە چ ئاستێك.

ئارەزوومەندیی هێمایەکە لە هێماکانی کەسایەتی مرۆڤ، بریتییە لە خۆئامادەکردنو وەڵامدانەوە بۆ رازی بوون، یان بەرپەرچدانەوەی کارێك یان چالاکییەکی دیاریکراو لەئەنجامی شارەزاییو لێزانینەوە.

ئارەزوومەندی پاڵنەرێکە بۆ کەلتوری مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەردا کارلێك بکات.

**بنەما سەرەکیەکانی ئارەزوومەندی خوێندنەوەی ئازاد**

کۆمەڵێك بنەمای گرنگ هەن کە کاریگەرییان لەسەر ئارەزوومەندیی خوێندنەوەی ئازاد هەیە، ناتوانین بڵێین تەنها یەك بنەما کاریگەریی لەسەر پرۆسەکە هەیە، بەڵکو هەموو بنەماکان پێکەوە کاریگەرییان هەیە لەسەر کارەکە. ئەو بنەمایانەش بەم جۆرە رێکخراون:–

**١– زیرەکی** Intellegence:

ئاستی ژیری لای منداڵ کاریگەریی هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندنەوەی ئازاد. بۆیە دەبینین هەر منداڵێ بەشێوازێکی دیاریکراو دەخوێنێتەوە. واتە ئەو منداڵانەی توانای ژیرییان لاوازە زیاتر بایەخ بەخوێندنەوەی ئەو چیرۆکانە دەدەن لەڕووی زمانو ماناو شێوەوە ئاسانە. بەڵام منداڵێ کە خاوەنی توانای بەهێزو ژیریی بەرزە، بایەخ بەو پەڕتوکانە دەدات کە دەگونجێ لەگەڵ ئارەزووی گەورەکانداو جێگەی بایەخە. ئەمانە زیاتر ئارەزووی خوێندنەوە دەکەنو خاوەن ئاڕاستەیەکی باشن بۆ پرۆسەکە. پەیوەندیی نێوان زیرەکیو خوێندنەوەی ئازاد بەڕوونی ناچەسپێ، یاخود ناسەلمێنرێ. قوتابییە زیرەکەکان بەردەوام دەخوێننەوە، بەشێوازێکی ئارەزوومەندانە، بەڵام ئەوانەی زیرەکییان لاوازە هەردەم خوێندنەوەیان لامەبەست نییە. "پەیوەندیی نێوان خوێندنەوەی ئازادو ئاستی زیرەکی پەیوەندییەکی راستەوانەیە، واتە هەرکاتێ ئاستی زیرەکی باڵاتربێت ئارەزوومەندیی خوێندنەوەی ئازاد باڵاترە وبەپێچەوانەوە"

**٢– تەمەن** Age:

بەبۆچوونی هەندێك لەتوێژەران ئارەزوومەندیی لێکدانەوەی قۆناغەکانی گەشەیە. ئارەزوومەندی بەرئەنجامی تێگەیشتنی"خود"ە. تێگەیشتنی خود ئەوکاتە دیاری دەدات کە بابەتێکی دیاریکراو دەخوێنێتەوەو لەسەری دەڕواو بەردەوام دەبێت.

تەمەن کاریگەریی زۆرە لەسەر ئارەزووی خوێندنەوەی ئازاد لای منداڵ.

منداڵان توانای ئارەزوومەندییان بۆ خوێندنەوەی هەموو جۆرە چیرۆکێ هەیە تا گەورەتر دەبن توانای هەڵبژاردنیان بۆ پەرتووکەکان زیاتر گەشە دەکات توانای هەڵبژاردنی جۆری چیرۆكو بابەتەکان بەپێی تەمەنو کات دەگۆڕێ، بەدڵنیایی بابەتی گونجاو دەخوێننەوە بۆ بەسەربردنی کاتەکانیانو سەربەستانە لەپێناوی سودو چێژو خۆشی وەرگرتندا، هەردەم بەدوای ئەو کتێبانەدا وێڵن کە ئارەزووی خوێندنەوەیان دەکەن، ئەمەش واتەی ئەوەیە ئەم جۆرە منداڵانە هەستی باوەڕ بەخۆبوونو رازی بوون لەتوانای بەجێهێنانی پرۆسەکە لەئاستێکی باڵادایە، منداڵانو تازەپێگەیشتووان ئارەزووی خوێندنەوەی ئەو جۆرە چیرۆکانەیان تیا دەردەکەوێ کە کەسایەتیو پاڵەوانی ناو چیرۆکەکەیان لەهەمان تەمەنی خۆیاندان.

بەڵام منداڵە وردیلەکان ئەتوانن ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو شێوازە ئەندێشەییانەی بەشدارن لەشارەزایی منداڵێتیاندا پەیدا بکەن.

دەبینین ئەو منداڵانەی تەمەنیان بەرەو ژوور دەبێتەوەو تا تەمەنی(١٧ساڵ)، زیاتر رۆژنامەکان دەخوێننەوە.

تەنانەت جیاوازیی رەگەزیو جیاوازی تەمەنی منداڵ کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی بابەتەکان هەیە کوڕان ئارەزووی گاڵتەجاریو وەرزشو هەواڵ دەکەن، بەڵام کچان لەگاڵتە جاڕییەوە بۆ زانستەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیو هەواڵەکان. زۆریی دەستەبەرکردنی گۆڤارو رۆژنامەکان کاریگەریی لەسەر خوێندنەوەی ئازاد دەبێت.

**٣– رەگەز** Sex:

لەماوەی دەساڵی رابردوودا توێژەرەکان گەیشتنە ئەنجامێکی ئەکادیمی سەبارەت بەخوێندکارانی کوڕانو کچانی هەر سێ پۆلی بنەڕەتی(یەكو دوو سێ)و بۆیان دەرکەوت کچان(رەگەزی مێ) سەرکەوتووترن لە رەگەزی(نێر)، واتە کوڕان لەپۆلی یەکەمی بنەڕەتیدا.

(Sister Mary Nila 1953) لە لێکۆڵینەوەکەیدا بۆی روون بۆوە خوێندکارانی نێرو مێی قۆناغی خوێندنی(یەكو دوو)ی بنەڕەتی. رێژەکەیان بەم جۆرەبوو، لای کوڕان رێژەی(63%) توانای خوێندنەوەیان نییەو ناتوانن بخوێننەوە. بەڵام لای کچان رێژەی(37%)ە.

لەقۆناغەکانی چوارەمو پێنجەم دا رێژەکە پێچەوانە دەبێتەوەو کوڕان سەردەکەون.

منداڵانی هەردوو رەگەزەکە لەتەمەنی(٦–٧) ساڵان دا، بایەخ بەچیرۆکی گیانداران دەدەن، هەروەها حەزیان لەچیرۆکی ئەندێشەییو گاڵتەوگەپ(فکاهە)و ئازایەتیو جەربەزەیی هەیە. کوڕان لەمنداڵیدا بایەخ بەو چیرۆکانە دەدەن کە چارەسەری گرفتەکانی ژیانە لەدەرەوەی ماڵ، چیرۆکی ئازایەتیو جەربەزەییو گیانداران دەخوێننەوەو بایەخ بە بابەتەکانی یارییەکانی وەرزشو چیرۆکە زانستیە خەیاڵیەکانو هەروەها چیرۆکی پێکەنین دەدەن. بەڵام کچان لەمنداڵیدا حەز بەخوێندنەوەی پەندی پێشینانو قسەی نەستەقو(مەتەڵ)و چیرۆکی تایبەت بەژیانی ماڵو قوتابخانەو خۆشەویستی رۆمانسی، هەروەها چیرۆکی ناوداران دەکەن.

منداڵانی تەمەن(٥ساڵ) حەزیان لەو چیرۆکانەیە کە پاڵەوانەکانیان هاوتای رەگەزی خۆیانن.

**٤– باری کۆمەڵایەتی–ئابوری**

The Sociate economin standard:

ئاستی ئابوریی خێزان بنەمایەکی گرنگە بۆ رەخساندنی دەرفەتو هەلی فێربوونو خۆرۆشنبیر کردن، ئەو خێزانانەی ئاستی ئابوریو کۆمەڵایەتیان باڵایە باشتر هەلو دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێ لەچاو ئەو خێزانانەی کە باری ئابووریان نزمە. ئەو خێزانانەی کە خاوەن داهاتێکی گەورەن باشتر ژیان بۆ رۆڵەکانیان دەستەبەر دەکەن، ژیانێکی تێرو تەسەلیان بۆ فەراهەم دەکەن، هەلی فێربوون بۆ رۆڵەکانیان دەرەخسێنن، بەکڕینی کتێبو سەرچاوەی زانستیو رۆشنبیریو گۆڤارو رۆژنامەکان، دەتوانن هەل برەخسێنن بۆ رۆڵەکانیان بۆ بەشداری پێکردنیان لەچالاکیە وەرزشیو هونەرییەکان بەشداری لەژیانی کۆمەڵایەتیو دابینکردنی هۆکارەکانی ئاسوودەیی.

باری ئابوریو کۆمەڵایەتی پێشکەوتوو کاریگەریی هەیە لەسەر ژمارەی ئەندامەکانی خێزان، کاتێ خێزان لەئاستێکی بەرزی ئابووریدایە ژمارەی رۆڵەکانی کەمترن لەو خێزانانەی کە ئاستی ئابووریان نزمە. پیشەی دایكو باوکیش کاریگەری دادەنێ لەسەر بەرزی ئاستی رۆشنبیری منداڵەکانیان هەر لەفراوانبوونی شوێنی نیشتەجێ بوونو رۆشنبیریی دایکانو باوکان باشتر کاریگەریی لەسەر هاندانی خوێندنەوەی ئازاد دادەنێن بۆ رۆڵەکانیان.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە جیاوازییەکی کەم بەدی دەکرێ لەنێوان منالانی گوندو شارەکان سەبارەت بەئارەزوومەندییان بۆ خوێندنەوە، ئاستی کۆمەڵایەتیو ئابوریی کاریگەرییەکی ئەوتۆی نییە لەسەر هاندانی منداڵان بۆ خوێندنەوە، ئەمە تەنها جیاوازییەکە لەبڕی بابەتو پەرتووکەکاندایە کە دەیان خوێننەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی توانای خوێندنەوەو زیرەکی.

**ئامانجی خوێندنەوە**

جیاوازی لەجۆری بابەتەکانو جۆری هاندانو پاڵنەری هەڵبژاردنی سەرچاوەکان کاریگەریی هەیە لەسەر جیاوازیی ئامانجەکانی خوێندنەوە.

خوێندنەوە چەند ئامانجێکی هەیە لەوانە:

١– خوێندنەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە.
٢– خوێندنەوەی خۆرۆشنبیرکردن(ئازاد).
٣– خوێندنەوەی چێژوەرگرتن(خۆشی).
٤– گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا.

**١– خوێندنەوە بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە:**

بریتیە لەو جۆرەی کە خوێنەر بەمەبەستی گەیشتن بەبڕوانامەیەك هەوڵ دەدات زۆرترین زانیاری کۆبکاتەوەو بەکاریان بهێنێ بۆ خوێندنگا، یان زانکۆ بۆ سەرکەوتن لە ئەزموونەکاندا. ئەم جۆرە خوێندنەوەیە بەبنەڕەتیترین خوێندنەوە دادەنرێت کە ناتوانین بێنیاز بین لێی بۆ پێشکەوتنی خوێندن.

**٢– خوێندنەوە بۆ مەبەستی رۆشنبیری:**

بریتییە لەخوێندنەوەی ئازاد کە پاڵنەری تایبەت بریتییە لەخوێنەر خۆیو ئارەزوومەندانە بەدوای سەرچاوەکانی زانیاریدا دەگەڕێ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خۆی بۆ ئاگادار بوون لەڕووداوەکانی دەوروبەرو هەڵوەستەکردن لەسەر بۆچوونە جیاوازەکان بۆ هەر کارێك بێت.

بۆ زانینی زانستە بنەڕەتییەکان لە هەموو روویەکەوە، بەخشینی ئەو زانیارییانە بۆ دەوروبەر. خوێنەر ئارەزوومەندانە بابەتەکان هەڵدەبژێرێت، کەس زۆری لێناکات، خوێنەر ئامادە نابێت بۆ ئەنجامدانی ئەزموون.

**٣– خوێندنەوەی چێژوەرگرتن:**

ئەم جۆرە خوێندنەوەیە پەیوەستە بە بەسەربردنی کاتەکانی پشوو، دەکرێ بە دوو پۆلەوە:–

**پۆلی یەکەم:–** ویستی سروشتی لای خوێنەر سەرچاوەی پەی پێبردنە بۆ دەوروبەرو بارودۆخی ژیان. شەیدابوونی منداڵ بۆ چیرۆكو وێنەکان هەنگاوی سەرەتایە بۆ پەیبردنو شارەزاییو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی، تا تەمەن سەرکەوێ منداڵ زیاتر شەیدای دەوروبەرە.

**پۆلی دووەم:–** لەخوێندنەوەی چێژو خۆشیی، دوور دەکەوێتەوە لەواقیع. منداڵان حەز بەخوێندنەوەی چیرۆكو داستانە خەیاڵییەکان دەکەن...ئەو هەڵوێستانەی کە لەچیرۆكو داستانەکاندا بەدی دەکرێ وا لەخوێنەرەکەی دەکات، چیرۆکەکانی ژیانی ئاسایی بگێڕێتەوەو لەکاتی پشووەکاندا چێژو خۆشی لێ ببینێ، چێژ لەگۆڕانکارییە کتوپڕەکانو دوورکەوتنەوە لەژیانی واقیعی ببینێ، بەوەش لە ناسینی سروشتو دەوروبەر تێردەبێ.

**٤– گەڕان بەدوای سەرچاوەکاندا**

مەبەستی بنەڕەتیی ئەم جۆرە خوێندنەوەیە دەستکەوتنی زانیاریە لەسەرچاوەکانەوە. خوێنەر ئارەزوومەندانە سەرچاوە زانستیەکە دەخوێنێتەوە بەبێ مەرجی تەواوکردنی هەموو سەرچاوەکە، بەڵکو بەپێی ویستی خۆی زانیاری لێ وەردەگرێ.

**سەرچاوە:**

– الأتجاه نحو القراءة الحرة لدى الأطفال، د. فاطمة سعید أحمد برکات،القاهرة ،٢٠١٠.



خوێندنەوەی ئازاد.. یان ئەندێشەو شادیی بۆ منداڵان

# زانستی پێڕستو دۆکۆمێنتاری

## "بەشی پێنجەم"

د. شاکر السعید
و. یاسین قادر بەرزنجی- ساکار عەلی عەبدوڵڵا

### سەرچاوەکانی زانیاریی بۆ وەسف کردن

بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبن:

١- سەرچاوە سەرەکییەکان: سەرچاوە سەرەکییەکانی زانیاریی تایبەت بەکتێب لەمانەدا کۆدەبنەوە:

یەکەم: لاپەڕەی ناونیشان.

دووەم: بەشێك لە کتێبەکە کە زانیاریی تەواو دەبەخشێ بەپێی ئەم ریزبەندییە: بەرگ، لاپەڕەی ناونیشانی بەش بەشکراو، ناونیشانی تێکستەکە، نیشانەی کۆتایی.

سێیەم: هەر سەرچاوەیەك کە دیاری کرابێت، لەوانەش سەرچاوە (مەرجەعییەکان)و پێڕستی بڵاوکەرەوەکان.

٢- سەرچاوە دیاریکراوەکانی زانیاریی: سەرچاوەکانی زانیاریی بۆ کتێب بەم شێوەیەن:

| | |
|---|---|
| بەشی ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی | لاپەڕەی ناونیشان |
| بەشی چاپ | لاپەڕەی ناونیشانو لاپەڕە بەراییەکانو نیشانەی کۆتایی |
| بەشی بڵاوکردنەوە، دابەشکردن...تاد | لاپەڕەی ناونیشانو لاپەڕە بەراییەکانو نیشانەی کۆتایی |
| بەشی وەسفی مادیو زنجیرە | هەموو چاپکراوەکە |
| بەشی تێبینییەکان | هەر سەرچاوەیەك |
| بەشی ژمارەی پێوانەییو مەرجەکانی پەیداکردن | هەر سەرچاوەیەك |

### بەشەکانی کارتی پێڕست

#### بەشی ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی

Title and statement of Respon sibility Area

ناونیشان بریتییە لەوشەیەك، یان نیمچە رستەیەك، یان هێمایەك یاخود کۆمەڵێ هێما کە هەمیشە لەبابەتەکەدا باسدەکرێن، بەڵام ناونیشانی تەواو بریتییە لەناوی سەرەکیی بابەتەکە(Title Proper)و لەسەر پێڕستکار پێویستە بۆ وەرگرتنی ناونیشانە تەواوەکە ئەم رێنماییانە جێبەجێ بکات.

١- ناونیشانەکە وەربگرێت، بەناونیشانی ئەلتەرناتیفیشەوە، هەرچۆن لەسەرچاوەکەدا هاتوون.

٢- ئەگەر ناوی نووسەر یان بڵاوکەرەوە، وەك بەشێکی سەرەکیی لەگەڵ ناونیشانەکەدا هاتبوو ئەوا وەردەگیرێت.

٣- هیچ وشەیەك لەناونیشانەکە نەقرتێنێ، مەگەر زۆر درێژ بێت، لەو کاتەشدا نابێ پێنج وشەی یەکەم لاببرێت.

٤- گەر سەرچاوەکە ناونیشانی بۆ دانەنرابێت، پێڕستکار ناونیشانی بۆ دادەنێو دەیخاتە نێوان دوو کەوانەوە، بەم جۆرە [ ].

نموونە:

بۆ ئەوانەی ناونیشانیان هەیە:

- الوسیط في شرح قانون الاحوال الشخصیة الجدید/
- رسائل إخوان الصفا/

بۆئەوانەش کەناونیشانیان نییە:

[حیاة هواری بومدین]/

#### ناونیشانی فەرعی، یان لاوەکی، یان زیادە
Sub-title

ئەو ناونیشانەیە کە دەکەوێتە ژێر، یان خوار ناونیشانی سەرەکییەوەو دەبێتە هۆی شیکردنەوەو روونکردنەوەو ناساندنی ناونیشانی سەرەکیی یەکەم، ئەم جۆرە ناونیشانە بەوە لەوانی تر جیادەکرێتەوە کەوا راستەوخۆ بەدوای ناونیشانی سەرەکیدا دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام هەست بەوەستانێك دەکرێ لەخوێندنەوەیاندا، هەرچۆن بەقەوارەی پیتەکانیشدا جودا دەکرێتەوە کەبچووکترن لەسەرەکیی، هاوکات دەتوانرێ لابرێ بەبێ ئەوەی هیچ کارێك بکاتە سەر ناونیشانی سەرەکیی، ناونیشانی سەرەکیی بەهۆی هێمانی (/) لەیەکتر دادبڕێن، وەکو:

الاردن: نشأتة وتطوره/

#### ناونیشانی بەرامبەر Paralleltitle

دووبارەکردنەوەی ناونیشانی سەرەکییە، بەڵام بەزمانی تر، هەمیشە لەتەنیشت یان خوار ناونیشانی سەرەکی دادەنرێتو بەدارشتنو زمانی تر دەنووسرێت، لەنێوان ناونیشانی سەرەکیو ناونیشانی بەرامبەر هێمای یەکسانی (=)دادەنرێت، وەکو:

پێڕستو پۆلێن= Classification and Cataloging

#### ناونیشانی ئەلتەرناتیف Alternative title

ناونیشانی تەنیشت یان خوار ناونیشانی سەرەکییەو بریتییە لە بەشی دووەمی ناونیشانی سەرەکیی کەهەردوو وەکو (دوو ناونیشانیان لێدێت)، لەنێوان هەردوو ناونیشانەکەدا (یان) دادەنرێت، کەدەکەوێتە نێوان دوو (،)وە، وەکو:

ماجدۆلین، یان لەژێر سێبەری زیزەفواندا

#### بابەت بەبێ ناونیشانی کۆکەرەوە

ئەگەر ناونیشانی کۆکەرەوە نەبێت، سەرچاوەی سەرەکیی زانیاری ناونیشانی ناوەرۆکداری هەبێتو یەك یان زیاتریان سەرەکی بوون، ئەو ناونیشانانە وەك سەرەکیی سەیر دەکرێنو ئەوانی تر وەك سەرنج دەنووسرێن، بۆ نموونە:

- الفیضان: کۆمەڵە چیرۆك/ نووسینی حیدر حیدر

ناوەرۆك: النمل والقات، الرهان، صمت اللیل، الفیضان، الاغتیال، الجوع واللصوص.

بەڵام ئەگەر هیچ کام لە بابەتەکانی ناوەرۆك سەرەکیی نەبوون، یەکیان لەبەشەکانی تر گرنگتربوو، ئەوا دەکرێتە ناونیشانی سەرەکی، بۆ نموونە:

- فکرة مجنونة، کۆمەڵێ کورتە چیرۆك، ابراهیم البصري.

#### دیاریکردنی گشتیی بابەت

ئەم بنەمایە بریتییە لەدیاریکردن لەلایەن پێڕستکارەوە، کەوا شتێکی گونجاو، راستەوخۆ بخاتە دوای ناونیشانەکە، بەمەرجێ لەنێوان دوو کەوانەدا بێ بۆ نموونە:

الخصائص الکبری [دەستنووس]

#### دیاریکردنی بەرپرسیاریی[1]
Statement Of Responsibility

وەرگرتنی زانیارییە لەبابەتداو پەیوەستە بەکەسانی بەرپرس لەناوەرۆکی فکریی یان هونەریی بابەتەکە، یان ئەو دەستانەی کەبوونەتە هۆکاری لەدایکبوونی بابەتەکە، زانیارییەکانیش بریتیین لە:

- نووسەری سەرەکی
- نووسەری بەشدار
- وەرگێڕ
- ئامادەکار
- کۆکەرەوە
- بەرهەمهێنو....تاد
- دەستەو گروپەکانی وەك کۆمەڵەکانو دامەزراوەکانو کۆمپانیا بازرگانییەکانو حکومەتو دامو دەزگاکانیو دەستە ئایینییەکانو کۆنگرەکان.

بۆنموونە:

- مدخل الی علم المکتبات/ محمد ماهر حمادة._
- خطب الجمعة/ لیژنەیەك لەگەورە زانایانی ئەزهەر سەرپەرشتیی ئامادەکردنو هەڵبژاردنیان کردووە._

لەنێوان ناونیشانو دیاریکردنی بەرپرسیاریی هێمای (/) دادەنرێت، واتە: ناونیشان/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی یەکەم؛ دیاریکردنی بەرپرسیاریی دووەم، بۆ نموونە:

ثورة المعلومات/ نووسینی ئالان کنت؛ وەرگێڕانی حشمت قاسم.

ئەگەر لەدیاریکردنی بەرپرسیاریدا ناوی زیاد لەسێ کەس، یان دەستە بۆ هەمان مەبەست هاتبوو، ئەوا یەکەمیان دیاری دەکرێتو ناوەکانی تر لادەبرێت، لەگەڵ دانانی هێمای لابردن (...)و نووسینی [کەسانی تر] لەنێوان دوو کەوانەدا، بۆ نموونە:

- میادین علم النفس/ محمد محمود الجوهری... [و کەسانی تر].

ئەگەر نازناو لەگەڵ ناودا هەبێت، ئەوا نازناو لەم کاتانەدا بەکاردێت:

- کە لەداڕشتنی زمانەوانیدا پێویست بێت.
- کە لابردنی کاریگەریی لەسەر ناوەکەو ناوی بنەماڵەکەی هەبێت.
- کە پێویست بوو بۆ ناساندن، وەکو (نووسینی دکتۆر هیکل)
- کە نازناوی خانەدانەکانی بەریتانیا بوو (سێر، لۆرد)

بۆنموونە:

مذهبي في الفقة/ نووسینی امام المذهب محمد بن ادریس الشافعي

هەروەها (و) ئەگەر لەسەرچاوەی سەرەکیی زانیاریدا هاتبێ، ئەوا دەبێت دابنرێتەوە:

- الحرکة النقابیة في الاردن/ نووسینی علی خریس و صلاح الصفدی.

هەرچۆن وشەو دەستەواژەی کورتی روونکاریی لەهەندێ حاڵەتدا دادەنرێ، وەك:

- نصوص فلسفیة/ [کۆکردنەوەو وەرگێڕانی] یحیي هویدي.

دەکرێ رەگەزەکانی بەشی ناونیشانو دیاریکردنی برپرسیاریی بەمجۆرە کورت بکەینەوە:

ناونیشانی سەرەکی: ناونیشانی فەرعی [دیاری کردنی گشتیی بابەت]= ناونیشانی بەرامبەر، یان، ناونیشانی ئەلتەناتیف/ دیاریکردنی بەرپرسیاریی یەکەم؛ دیاریکردنی بەرپرسیاریی دووەم.

#### دیاریکردنی زانیاریی چاپ Edition

زانیاریی چاپ هەر لەچاپکراوەکەوە وەردەگیرێت، بەڵام کورتکراوە باوەکان بەکاردێت، هەرچۆن ژمارە لەبریی وشەکانی نووسینیان بەکاردێن (چ٢،چ٤، چ فراوان)، ئەگەر سەرچاوەکە یەکەمین چاپی بوو ئەوا ناونابرێت، مەگەر لەسەر کتێبەکە نووسرابێت.

پێویستە پێڕستکار جیاوازیی لەنێوان ژمارەی چاپ Edition و دەرکردنی چاپکراو Issueو سەرلەنوێ چاپکردنەوە Reprintبکات، ئەگەر گۆڕانیش بەسەر چاپەکانی پێشوودا هاتبوو، ئەوا دەبێ زانیاریی کورتو پێویست بخاتە بەرچاو، بۆ نموونە:

.__ چ ٢
.__ چ٣ نوێ
.__ چ ٢، زیادکراو و بژارکراو
.__ [چ٣، پێداچووەوە]

#### دیاریکردنی زانیاریی بڵاوکرنەوە،دابەشکردنو.. تاد
Imprint Area

ئەوانیش: جێگای بڵاوکرنەوە، دابەشکردن، .. تاد.

ناوی بڵاوکەرەوە، دابەشکار،.. تاد

شوێنی چاپ، چاپخانە، مێژووی چاپ.

زانیارییەکانی بڵاوکردنەوە، بەمجۆرە ریزبەندیی دەکرێت:

.__ شوێنی بڵاوکردنەوە: بڵاوکەرەوە، مێژووی بڵاوکردنەوە (شوێنی چاپ: چاپخانە، مێژووی چاپ).

ناوی شوێنو کەسەکانو دەستەکان، هەرچۆن هاتوون بەهەمان شێوە دەنووسرێنەوە، بنەمای بنچینەییش ئەوەیە ناوی یەك شوێنی بڵاوکردنەوەو یەك بڵاوکەرەوە بێتو ئەوانی تر فەرامۆش بکرێن، لەکاتێکدا ناوی بڵاوکەرەوەو شوێنی بڵاوکردنەوە لەناوێك زیاتر بوون، باشتروایە ناوی ئەوانە بنووسرێت کەدەکەونە وڵاتی نووسەرەکەوە، یان نزیك لەوڵاتەکەیەوە.

بۆ نموونە:

- الطب العسکري/ اسماعیل الحسیني.__ عمان: دار اسامة، ٢٠٠٤.
- اسس التصنیف والتصنیف العملي: دیوي، الکونغرس، العالمي/ تألیف محمود أیتم.__ بیروت: دار الجلیل؛ عمان: مکتبة المحتسب، ١٩٨٦.

مەبەست لەجێگای بڵاوکردنەوە، ناوی شارە، نەك وڵاتو هەرێمو گەڕەك، ئەگەر شێوەی نووسینی ناوەکان ئاشنا نەبن، ئەوا راستەکە لەنێوان کەوانەدا دیاری دەکرێت، ئەگەر شارەکەش ناسراو نەبوو، ئەوا پێڕستکار دەتوانێ بۆ ناسینەوە ناوی وڵاتەکەش بنووسێ، هەروەها لەوکاتانەدا کەدوو شار یەك ناویان هەبێ.

ئەگەر ناوی بڵاوکەرەوە نەبوو، ئەوا دەبێ شوێنەکانیان لە کارتەکەدا بەبەتاڵی نەمێنێتەوە، بەڵکو بەکورتەی وشەکانی (بێ بڵاوکەرەوە) بەکورتەی (ب.ب) دیاریی بکرێت. وەکو:

- دیمەشق: [ب.ب]، ١٩٧١.

پەراوێز:

١- بڕوانە:

-قواعد الفهرسة الانکلو امریکیة/ تعریب محمود احمد أتیم.

-القواعدالانکلوامریکیة للفهرسة/ تعریب سعد محمد الهجرسي.

# ASOY KTEBKHANA

Sulaymania Public Central Library

NO. 9 – 13/6/2010


## بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە لە پەیمانگای هەولێر بڵاوکراوەی ئاسۆی کتێبخانە دەنرخێنێت

لەنووسراوێکدا رۆژی ٢٠١٠/٥/١٢ بەئیمزای بەڕێز راگری پەیمانگای تەکنیکی هەولێر، سوپاس و پێزانین ئاڕاستەی بڵاوکراوەی (ئاسۆی کتێبخانە) کراوە کەوا ژمارەی پێویست لە بڵاوکراوەکە پێشکەش بە مامۆستاو خوێندکارانی بەشی زانیارییەکان و کتێبخانە لە پەیمانگاکە دەکرێت.

هاوپێچ لەنووسراوێکی بەشی ناوبراودا، ئەندامانی دەستەی وانەبێژان دڵسۆزانە بڵاوکراوەکەیان نرخاندوەو تیایدا هاتووە "ئاسۆی کتێبخانە خاوەن ئاستێکی بەرزی هونەرییە لەپێشکەشکردنی بابەت و هەواڵ لەبارەی کتێبخانەو زانیارییەکانەوە... پێشنیاز دەکەین ستوونێکی تایبەت لەبڵاوکراوەکە تەرخان بکرێت بۆ چاوپێکەوتن لەگەڵ شارەزایانی بواری کتێبخانەکان و بنکەی زانیارییەکان"

ستافی ئاسۆی کتیبخانە، بەوپەڕی رێزەوە ئەم بەسەرکردنەوەیەی پەیمانگاو بەشی ناوبراو دەنرخێنێ و هیواداریین ژمارەکانی داهاتوو گەشەی زیاتر بدەینە بڵاوکراوەکەو چاوەڕوانی هاوکاریی زیاتری پسپۆڕانی بوارەکەشین.

## دلێر میرزا:
## با ئەکادیمیای کوردی رێگا لە وشەتاشیی بگرێت



**ئاسۆی کتێبخانە**

لەژمارەی پێشووی بڵاوکراوەکەماندا، وتارێك سەبارەت دوا چاپکراوی وەرگێڕی بەتوانا (دلێر میرزا)ی کارمەندی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی خرایە بەرچاو، کەئەویش (فاوست)ی شاعیری گەورەی ئەڵەمانی (گۆتێ)یە.




لەدیدارێکی کورتدا کاك دلێر؛ ئاماژەی بۆ کۆی بەرهەمە چاپکراوەکانی کرد کە تائێستا بریتیین لە (٢٤) کتێب لەکایەکانی (فەلسەفەو فیکرو ئەدەب و سیاسەت و مێژوو و شانۆو کۆمەڵناسی)دان. ئەمە بێجگە لەچەند کتێبێکی دیکە کەبەناوی خۆمەوە نین.

سەبارەت بە بایەخی وەرگێڕانیش بۆ کتێبخانەی کوردی وتی "لەدوای راپەڕینەوە هەلومەرجێکی نوێ بۆ رۆشنبیری و کتێبخانەی کوردی هاتە ئاراو لەو کەشە ئازادەدا وەرگێڕانی زۆر کەوتنە بەرچاو، بەباش و لاوازەوە، ئەم بزاڤی وەرگێڕانە دەرگای گەورەی واڵا کردوە لەرووی شارستانیەت و فیکرو ئەدەبیاتی جیهاندا کەخوێنەری کوردو کتێبخانەی کوردی و پێویستیان پێیەتی، بەتایبەت بۆ گەنجان کەئەمڕۆ زۆربەیان جگە لەزمانی دایك زمانی دیکە نازانن، لێرەوە پێشنیاز دەکەم کەئەکادیمیای کوردی رۆڵی مێژوویی خۆی ببینێت لە هێنانەکایەی زمانێکی یەکگرتوو کەزاراوەکان لەرێی ئەوانەوە بکرێنە کوردی، تا وەرگێڕی کورد پابەند بێت پێیانەوەو بوار بۆ کەسانی نەشارەزا نەڕەخسێ بە خواستی خۆیان (وشەتاشیی) بکەن..

*دواجار بەرێزی ئاماژەی بۆ بەرهەمە نوێیەکانی کردو وتی: کتێبی (هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەریی) د.محەمەد شێخ لەعەرەبییەوە کراوە بەکوردی و پێشکەش (خانەی وەرگێڕان) م کردوە، ئێستاش خەریکی وەرگێڕانی کتێبی (بنچینەو رەخنەی فەلسەفەی تازەگەریی) هەمان نووسەرم.



## نیگاری بەشی چالاکیی منداڵان لە پێشانگایەکی فراواندا

**بلێسە**

رۆژی ٢٠١٠/٦/٢ بەڕێوەبەرێتی راگەیاندنی سلێمانی پێشانگایەکی بۆ بەرهەمی شێوەکاریی منداڵان بەبۆنەی رۆژی جیهانیی منداڵانەوە کردەوە، لەم پێشانگایەدا کە لەژێر دروشمی(بایەخدان بەمنداڵ داینەمۆی پێشکەوتنی وڵاتە) ئامادەکرابوو لە مۆزەخانەی نیشتمانی(ئەمنە سوورەکە) کرایەوە، بەشی چالاکیی منداڵانی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی بە کۆمەڵێ بەرهەمی منداڵان بەشداریی کرد کەبریتین لە تابلۆو ئیشی دەست و پەیکەرسازی و سیرامیك.

## هاووڵاتیان پارێزگاری لە سەرچاوەکانی کتێبخانەی لەندەن دەکەن

**الشرق الأوسط**

لەپرۆژەیەکدا کتێبخانەی بەریتانی (کتێبخانەی گشتیی لەندەن) رێگا دەدات بەو کەسانەی دەیانەوێ خزمەتێکی بیرەوەری و سەرچاوەی رۆشنبیریی خۆیان بکەن، ئەویش لەرێی کۆمەکی کتێبخانەکە بەدابینکردنی برە پارەی پێویست بۆ چاککردن و بەرگ تێگرتنی هەر کتێبێك کە لایان مەبەست بێت.

لەم کتێبخانەیەدا کە خاوەنی ١٥٠ملیۆن ناونیشانە، نزیکەی ٢ ملیۆن کتێب پێویستیان بەدەستکاریی هەیەو رۆشنبیران دەتوانن لەبڕی ١٥تا٢٥٠ جونەیهی ئیستەرلینی پێشکەش بەکتێبخانەکە بکەن، لەگەڵ دیاریکردنی ئەو کتێبە کۆنانەی کە خۆیان مەبەستیانە چاکیان بکەنەوەو بەرگیان تێبگیرێت.



## سووکترین بووك ریدەری ئەلکترۆنی




**ئا. بێستون فەرهاد**

لە کۆمپیوتێکس تایپێ، کە بە گەورەترین پێشانگای تایبەت بە ئامێرە ئەلکترۆنی و تەکنۆلۆژییەکان لە ئاسیادا دادەنرێ و چالاکییەکانی لە ١ تا ٥ی حوزەیراندا سازکرد، کۆمپانیای گرین بووکی تایوانی سووکترین ئامێری خوێندنەوەی ئەلکترۆنیی کتێب (بووك ریدەر)ی نمایشکرد کە کێشی تەنها ١٨٠ گرامە.

سەرچاوە:

*سایتی پێشانگای کۆمپیوتێکس تایپێ*

## پێشکەش بەکتێبخانەکانی سلێمانی دەکرێت

لەهاوکارییەکی دڵسۆزانەدا، دامەزراوەی خەندان بۆ پەخش و وەشاندن ژمارەیەکی باش لە ژمارە جزوبەندکراوەکانی رۆژنامەی(ئاسۆ)ی پێشکەش بە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و لقەکانی کرد.

بەڕێز رەفیق عەبدولرەحمان لێپرسراوی بەشی دابەشکردنی چاپکراوەکان وتی: "ژمارەی جزوبەندەکانی رۆژنامەکە ٤٤٦ دانەن و بریتین لە(ئاسۆ)ی ساڵانی ٢٠٠٤، ٢٠٠٥، ٢٠٠٦، ٢٠٠٧، ٢٠٠٨، دوای پڕکردنەوەی پێویستیی کتێبخانەکەمان، ئەوانی دیکەمان بەسەر کتێبخانەی چەند شارۆچکەیەکدا دابەشکردوە".

شایانی باسە (ئاسۆ) رۆژنامەیەکی رۆژانەی ئازادەو لەشاری سلێمانی لەلایەن (دەزگای خەندان)ەوە لەگەڵ گۆڤاری هەفتانەی (هەفتانە)دا بڵاودەکرێنەوەو بەشێوەیەکی بەردەوام لەخزمەتی خوێنەری کوردو بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردییدان، سەرنووسەری(ئاسۆ) بەڕێز (عارف قوربانی)یە.







| سەرنووسەر | راوێژکاران | ستافی کارا | نەخشەساز | تایپ و هەڵەبڕی | کارگێڕی |
|---|---|---|---|---|---|
| یاسین قادر بەرزنجی | ئاری بابان ـ شێرزاد سەعید | ساکار عەلی عەبدوڵڵا ـ تابان حەسەن | مەهدی ئەحمەد | بەیان عەلی ـ بەهرە عیزەدین | ئاشتی دانش |



ناونیشان: سلێمانی، شەقامی سالم، کتێبخانەی گشتیی

ت: ٣٢٠٢٧١٦ ـ ٠٧٧٠١٥٢٧٣٣٧

Email: asoyktebkhana@yahoo.com